# واهیمەی حیزبەکان

کوردی

لەگەڵ ئەوەم نەخشەی دابەش کردنی کوردستان بە شێوەیەک پارچە پارچەکراوە کە لە هەر شوێنێک شۆرش بە هێز بێت ئەوا لە لایەنەکانی تر هەوڵی سەرکوت کردنی ئەدرێ.

لە پاش لە ناوچوونی کۆماری مهاباد شۆرشی کورد توشی ترسێکی وەهمی بوو کە نەوێرێ بۆ جارێکی تر داوای کوردستانی سەربەخۆ بکات.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر زوو ئاشکرای ئەوەی کردووە کە وولاتی سەربەخۆیی ناوێ تەنها خود موختاری ئەوێ بۆ کورد.

هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق لە سالی ٧٠ وە بانگێشەی ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کوردی عێراق.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سەرتای دامەزراندنیدا بانگێشەی مافی چارەی خۆ نووسینی کرد، وە لە پاش ڕاپەرینەکەی **٩١** زاراوەی فیدرالی بۆ کورد داهێنا.

ئەم سێ حیزبەی سەرەوە بە حسابی خۆیان ئەگەر داوی دەولەتی کوردی بکەن ئەوا هەموو وولاتەکان پشتیان لێ ئەکەن و دووژمنایەتیان ئەکەن. بیرو باوەریان ئەوەیە کە کوردستان بە هەنگاوی هێواش سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت.

ئەمە بەرنامەیەکی نەهێنی پێ زاندراوە لەلایەن دووژمنانی کورد.

دووژمنان چاک ئەزانن ئەگەر کورد ئۆتۆ یان فیدرالی وەربگرێت لە پاشە ڕۆژ کورد داوای زیاتر ئەکات.

**تۆ بلێی ئەم دووژمنانە هێندە گەوج بن بەو بەرنامەیە نەزانن!**

ئیتر دووژمنانی کورد ناهێلن بچوک ترین داوای کورد بێتە دی هەربۆیە بە هەموو تواناکانیانەوە یەکەم کۆسپی کورد ئەروخێنن، کەوابوو چیمان بە چی کرد ئەگەر دووژمنان دژی ئۆتۆنۆمی بن کە بچوک ترین داوای کوردە ئیتر ئێمەش بۆچی خۆمان و دووژمنان هەل بخەلەتێنین. با هەر بەرنامەمان یەکسەر جودای بێت لە عێراق و ئێران.

ڕژێمی عێراق یارمەتی دیموکراتی ئێرانی داوە هەروەها ڕژێمی ئێرانیش یارمەتی پارتی و یەکێتی داوە نەک لە بەر ئەوەی ئەمانە داوای ئۆتۆنۆمی ئەکەن بەلکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان. ئایا ئەگەر ئەم حیزبانە داوای سەربەخۆیی بکەن یارمەتیان ئەدرێ؟ بێگومان بەلێ هەر یارمەتیان ئەدەن، لەبەر ئەوەی بەلگەیەکی زۆر زەقمان لە بەرچاوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر بە بلیمەتانە هاتە ناو شۆرشی کوردستان، داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. بەرنامەی خۆی نەشاردەوە چونکە پێی وابوو دووژمن بە هەنگاوی هێواشی سەربەخۆیی هەلناخەلەتێ کە حیزبەکانی باشور پێیرەوەی ئەکەن. هەر بۆیە بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرای خستە بەردەم کوردی چەوساوە.

وویستی میللەتی کورد سەربەخۆیە هەر بۆیە کوردەکانی هەر چوار پارچە چوونە ناو ڕیزی پارتی کرێکارانی کوردستان.

وە ئەم حیزبە لە یەکێتی و پارتی زیاتر یارمەتیان وەرگرت لە کاتێکدا کە دەزانن حیزبێکی سەربەخۆییە، ئەوتا لە سوریا گەورەترین بنکەی سەربازیان هەیە و لەناو بنکەکانیشیان نەخشەی کوردستانی گەورەیان هەڵواسیووە وەهیچ کاتێکیش نەبوون بە جاشی ئێران و عێراق و سوریا، ئیتر ئەو واهیمەیە چیە کە حیزبەکانی باشوور بۆ خۆیان و بۆ کوردیان درووست کردووە کە نابێ داوای سەربەخۆی بکەن.

لەوانەیە هەندێ کەس بلێت ئاخر پەکەکە داوای سەربەخۆی کرد بۆیە بوو بە تێرۆریست، نەخێر بوونی پەک بە تێرۆریست ئەنجامەکەی هەلگرتنی چەند بیرو باوەرێکی مارکسیەت بوو کە دژ بە ئەمریکاو ئەوروپا بوو، لەهەمان کات تەنها بە ناو بوونەتە تێرۆریست، بەلاّم ئەگەر پەک تیرۆریست بێت چۆن بنکەی هەیە لە هەموو ئەوروپا!
پارتی کرێکارانی کوردستان لە زۆر بەی زۆری شارە گەورەکانی ئەوروپا بنکەی ئاشکرایان هەیە و جموجۆلی سیاسی خۆیان ئەکەن بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی خراپیان لەسەر هەبێ. ئەگەر تێرۆریست بان نەیان دەهێشت بۆ ساتێکیش بنکەیان هەبێ وەک بنکەکانی ئوسامە دەبوایە بە نەهێنی کاریان بکردبا.
ئیتر واهیمەی ئێوە ترستان داوەتە خۆتان و کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەلاّت، ئیتر مالی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و ئێران ئاوا بێت کە ئەم زاراوەی خود موختاری و ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد درووست کرد.
مالی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ئاوا بێت کە زاراوەی فیدرالی بۆ کورد داهێنا.
نازانم ئەگەر کورد شەرێکی چارنەنووسی بکات دەبێ چی ڕوو بدات، ئێمە بە یکجار ژماریەکی زۆرمان لێ شەهید بێت باشترە لەوەی بە ماوەی سەد ساڵ هەر هەمان ژمارەمان یان زیاترمان لێ شەهید بێت ئیمرۆ کورد بە قوربانیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت باشترە چونکە هەر زوو دەتوانێت ئابووری و ڕامیاری و بەرگری خۆی چاک بکاتەوە بەلاّم ئێمە هەر شۆرش لە دوا شۆرش بکەین و قوربانی زیاتر بدەین ئەی کەی ئێمە لەم ناکۆکیە دەروونیەو هۆشیە دەربازمان ئەبێ، ئەم ناکۆکیە دەروونیانە وا لە مرۆڤ ئەکات کە قەت پێش نەکەوێت.
سەدام ئەگەر ئیمرۆ لە ناونەچێ لە دوا ڕۆژا کورەکەی عودەی دەسەلاّتی عێراق وەرئەگرێت و چەکە کیمیاویەکانی لە دوا ڕۆژا تەواو ئەبێ دیسان مالّی کورد وێران ئەبێ.
بەلاّم باشتر نیە ئەگەر ئیمرۆ کورد بە قوربانیەکی گەورە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێن. ئاخر پێتان وایە کورد سەربەخۆیی خۆی وەرئەگرێت بە خۆپێشاندان و بە ئاشتی لەناو جەرگەی بەغدا و بەسرە.
ئەم سەربەخۆییە ئەنجام ئەدرێ ئەگەر واهیمەکانی یەکێتی و پارتی بشکێ لە پاش شەری لە ناوچوونی سەدام، دەبێ داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەن بەهەر شێوەیک بێت. با قوربانیەکان بەیەک جار بدرێ ئیتر با نەوەی داهاتوو چی تر نەزانن تفنگ و کوشت و کوشتار چیە.

له پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم خەلکی ئەوروپا چەند بە خۆشی ئەژیان و دەژین. لە هەزاری یەکیان نازانن کە چەک چۆن بەکاردێت ئیتر با ئەم ژیانە بۆ کورد دابین بکەین ئیمرۆ دابینی بکەین باشترە نەوەک سەدەیەکی تر. ڕۆژ بە ڕۆژ چەکی کوشندە تر درووست ئەبێ ئەگەر ئێمە لە شەری شمشێر رزگار بووبان ئەوا شەری تفنگمان نەئەدی، ئەگەر لە شەری تفنگ رزگارمان بووبا ئەوا شەری کیمیاوی و تۆپ و تەیارەمان نەئەدی، ئەگەر لەم شەری داهاتوو رزگار نەبین کە نازانیین چ چەکێک بە کاردێت ئەوا لە دوارۆژا چەکێکی لەمە بە هێزتر نابینین.

گەلی کورد ئەم شەرە شەری چارەنووس ئەبێ ئەرکی هەموومانە کە تێبکۆشین. ئێمە کەس وکارمان لە کوردستانە و ئەبن بە قوربانی ئەم شەرە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە دەستە وەستان ڕانەوستین بەرامبەر دووژمنانمان پێویستە کاریگەریەکی تەوامان هەبێ لە ئەوروپا و ئەمریکا.

دەبێ خۆپێشاندانی کاریگەر بکەین بەرامبەر بالەخانەی ئەو وولاتانەی کە دژی جیابوونەوەی کوردستان ئەبن، ئەگەر تورکیای پێ شکاو پێی بخلیسکێ و بکەوێتە ناو کوردستان ئەوا دەبێ بەرامبەر بالەخانەکانیان زیانێکی کارگەریان لێبدەین تاوەکو بە ملێکی شکاوەوە بگەرێتەوە.

دەبێ ئالای کوردستان بەرزکرێتەوە و خۆپێشاندان ڕانەگرین هەتا داواکاری سەربەخۆیی کوردستان لە یوێێن جێ بەجێ نەکرێت ئەرکی هەموو کوردێکە بێ گۆێدانە سەر بیروباوەری کەسایەتی ئەبێ هەموو بەیەک دەنگ و بە یەکگرتووی ڕابپەرین. ئیمرۆ سەدام لەنەخشەی لەناوچوون دایە ئەگەر ئەم هەلە نەقۆزینەوە هەلێکی وامان بۆ ڕێک ناکەوێتەوە.

کوردستان بە خۆێن رزگاری نەبێ .... ئەبەد بە ئالای سپی سەرناکەوێ

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣